Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Tel: 020 – 6935915, Mobiel 06-47988634
fax: 0847331167

# یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland
“Midia”

رۆژ:2005/11/27

ژمارە :92-27.11.2005.KVN. SA

**بابەت/ بەیاننامەیەکی هاوبەش دەربارەی هەڵبژاردنەکان لە هەندەران**

بەڕێزان ئەندامانی و دۆستانی هەموو بەشەکانی یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە،
بەڕێزان و خۆشەویستان، کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتی شانشینی هۆڵەندە،
پاش سڵاو و ڕێز،
سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندی یانەکەمان "میدیـــا" ئەم بەیاننامە هاوبەشەی نێوان مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی 6 ی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە دەست گەیشتووە، وەك ئەرکێکی نیشتمانی خۆی بە پێویستی دەزانێت، دەقی بەیاننامەکە بۆ ئێوەی بەڕێز ڕەوانە بکات، دەربارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی نوێی عێراق.
هەر خۆش و سەرکەوتوو بن.

لیژنەی
سەرپەرشتی یانەی کوردی" میدیـــــا"
لە هۆڵەندە

**هاوپێچ دەقی بەیاننامەکە:**

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Tel: 020 – 6935915, Mobiel 06-47988634
fax: 0847331167

**یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیــــــــــــا"**

Koerdische Vereniging in Nederland
"Midia"

بەیاننامەی هاوبەشی

مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوەی ی.ن.ک و

لقی 6 ی ئەورووپای پ.د.ک

بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانی ناوەڕاستی مانگی دێسەمبەری 2005 ەوە

خوشکان... برایان... کوردستانییانی دانیشتوی هەندەران!

ڕۆژانی 13و14و15 ی دیسەمبەری ئەمساڵ، ڕۆژانی دەنگ دانن لە دەرەوەی وڵات، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی چوار ساڵە، بۆ کۆماری عێراقی فیدراڵ.

ئازیزان، کوردستانییانی دانیشتوی هەندەران !

داواتان لێ ئەکەین بەگوڕو تینی هەڵبژاردنەکانی کۆتایی مانگی ژانیوەری ئەمساڵ بێنەوە مەیدان. نەک هەر خۆتان دەنگ بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، لیستی ژمارە 730 بدەن بەڵکو بەجۆشدانی بەزم وسەفاو ئاهەنگ و گۆرانی وەکو جاری پێشو, هێزو ورە بخەنە بەر خوشک و براکانتان لە ناوەوەی وڵاتیش.

بەڕێزان!

هەن نارەزایی دەردەبڕن و دەڵێن بۆچی دەنگ بدەین؟ ئێمە ناڵێین گلەیی و ڕەخنەتان نەبێ. ئێمە لەگەل بەشێک لە گلەیی و گازاندەکانی ئێوەین، بەڵام ئەمرۆ ڕۆژی هیمەت و هاتنە مەیدانە. ئەگەرچی بە جەستە هەزاران کیلۆ مەتر لەولاتەکەمان دورین، کەچی خۆشی و ناخۆشیەکانی وڵات هەمیشە بەکۆڵمانەوەن. ئەمرۆ یان سبەی خۆتان یان نەوەتان، ژیانتان ئەبەنەوە کوردستان، دەنگدانی ئەمڕۆی ئێوە بۆ لیستی هاوپەیمانی

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Tel: 020 – 6935915, Mobiel 06-47988634
fax: 0847331167



کوردستان، زامنکردنی پاشەڕۆژێکی روناکە بۆ خۆتان و نەوەکانتان، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ نەهێشتنی ناتەواویەکان، بۆ بڕینەوەی دەستی تیرۆرستان و دەمکوت کردنی ناحەزانی فیدراڵی و، ئەوانەی ئەیانەوێ مافە بە خۆین و بە خەبات و بە تێکۆشان وە دەست هاتوەکانی خەلکی کوردستان زەوت بکەنەوە.

کچان ...کوڕانی جگەرگۆشەی کوردستان!

ئەگەر تا دۆینێ دایکتان، باوکتان، خوشک وبرای لە خۆتان گەورەتر بەخۆێن بەرگریان لەکوردستان کردبێ، ئەوا ئەمڕۆ نیشتمان بانگتان ئەکات بەدەنگتان بەر لە دوبارە بونەوەی ئەنفال وجینۆسایدی گەلی کوردستان بگرن. ئەگەر دۆێنێ تەنیا سەنگەر، سەنگەری تفەنگ و بەخشینی خۆێن بوبێ، ئەوا ئەمرۆ لە گەلێ سەنگەری ترەوە ئەتوانیین درێژە بە خەبات و تێکۆشانمان بدەین، تا بەدیهێنانی تەواوی ئامانجە نێشتمانی و نەتەوەیەکانی خەڵکی کوردستان. ئەمڕۆ خەباتەکانی سەنگەری پەرلەمانیی و دیموکراتی، جێگەی سەنگەری تفەنگی دوێنێمانیان گرتۆتەوە

خوشکان... برایان... کەس وکاری شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان!

بۆ درێژەدان بە بەرگریی لە مافە بەدیهاتوەکانمان و بە دیهێنانی وە دەست نەهاتوەکانمان، پێویستمان بەوەیە لە بەغدا فراکسیونێکی پەرلەمانیی کوردستانیی بە هێزمان هەبێ. ئەوەش هەر بەهاتنە مەیدانی ئێوە بۆ دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، دیتە دی. راستە بە شێکی باشی مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا چەسپیون، بەڵام نزیکەی 40 مادەی تر لە ناو دەستورەکەدا پێویستیان بە دانانی قانونە بۆ رێکخستن و پراکتیزە کردنیان. خەڵکی کوردستان ئەگەر

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Tel: 020 – 6935915, Mobiel 06-47988634
fax: 0847331167



فراكسیۆنێكی بە هێزیان لە بەغدا نەبێ، قابیلی ئەوەیە لەماوەی چوار ساڵی ئایندەدا، لەرێگەی هەموار كردنی دەستورەوە، بەشێك لەو دەستكەوتانەمان لێ زەوت بكەنەوە كەتا ئێستا بەدی هاتون...یان هەندێك لەو هەقانەمان بخۆن كە دەیان ساڵە خوێنیان بۆ ئەدەین وەكو كەركوك و خانەقین و با قی شارو شارۆچكە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردستان.

كوردستانیانی ئازیز... توركمانەدلسۆزەكانی كوردستان... كلدۆئاشوریە سەربەرزەكان... كوردانی فەیلی چەندجار بەش خوراو... ئێزیدیانی رەچەڵەكی كورد!

كوردستانێكی فیدراڵی ئارام وئاوەدان، كوردستانێك كە هەمومان بتوانین پێكەوە بەبێ گیرو گرفت، بە بێ جیاوازی ئەتنی، ئاینی ومەزهەبی تیایدا بژین، پێویستی بەوەیە هەمومان پێكەوە دەنگ بۆ بەرنامەی هاوپەیمانیی كوردستان، دەنگ بە لیستی ژمارە 730 بدەین.

پێكەوە بەرەو هەڵبژاردنێكی بەجۆش و خرۆشی كوردستانییانە.

یەكێتی نیشتمانیی كوردستان

پارتی دیموكراتی كوردستان

مەڵبەندی رێكخستنی دەرەوە

لقی 6 ی ئەوروپا 2005/11/25